# ٢١ـی ئازار، ڕۆژی جیهانی دایک

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی بەهارە، نەورۆزە. هەندێک کەس دەڵێن: ئەم ڕۆژە چەژنی کوردانە، وەلێ کەسانێکیش هەن دژی ئەوەن و دەڵێن: ئەم ڕۆژە هیچ پەیوەندی بە کوردەوە نییە. هەر کامیان بێت، چ جیاوازییێک دروست دەکات، چونکە هەرچی بێت ئیتر ئەو شتەی لە هزری خەڵکدا چەسپاوە بە هیچ شتێک ناگۆڕێت، ناتوانن و قبوڵی ناکەن ئەو باوەڕەی لە باوباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە بیگۆڕن. بەشی هەرە زۆری خەڵک لێرە ئیتر لەمڕۆ بەدواوە دەڕۆن بۆ سەیرانگە و دەشتەکان، بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و دروستکردنی کەشێکی جیاواز.

٢١ی ئازار ڕۆژی جیهانی دایکە، وەلێ لەبەر نەورۆز لێرە زۆرینەی خەڵک ئاگادارنییە و بیری لێ ناکەنەوە. خۆ مرۆڤ هیچی لێ کەم نابێتەوە ئەگەر ئەم ڕۆژەی لەبیر بێت، بچێت دەست و چاوەکانی دایکی ماچ بکات و بڵێت: سوپاس کە بوونت هەیە.

نیازمان هەبوو ئێمەش ئەمڕۆ بچینە دەرەوە، بەڵام شەو بارانێکی زۆر باری و ئەمڕۆ بۆتەوە کەشێکی زستانە. من و

براکەشم دوو دیاریمان بۆ دایکم کڕی بوو ویستمان لە دەرەوە بۆی بکەین بە سوپڕایز، بەڵام کارەکەمان نەبوو، بۆیە هەر لە ماڵەوە دوای نانی بەیانی دەستەکانیمان ماچ کرد و دیارییەکانمان پێیدا، کە دیارییەکانی: بەرماڵێک و ملپێچێک بوون. شتەکان سادەبوون، بەڵام تایبەتن لەلای دایکمەوە بۆیە ئەمانەمان هەڵبژارد.

گۆڤارێک هەیە ٢١ی هەموو مانگێک ژمارەیەکی لێ دەردەچێت، بابەتی زانستی، ئەدەبی، ئاینی و کۆمەڵێک شتی بەسوود لەخۆ دەگرێت. نووسینەکانی گۆڤارەکە ئەم شتانە لەخۆدەگرێت کە لە کاتی دەرچوونی ژمارەیەکیدا تێیدا گوزەردەکەین، پێشبینی کراوە باسی نەورۆز و بەهار تێدابێت ئەم ژمارەیە، وە هۆشیاکردنەوەی خەڵک بۆ ژینگە پارێزی. ٢١ی هەموو مانگێک بەیانیان کاتێک باوکم دەچێت بۆ نانەوا ژمارەی ئەو مانگە لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە. هەر لە کاتی نان خواردن باوکم چەند بابەتێکی کورتی خوێندەوە کە سەبارەت بە نەورۆز و بەهار بوون و شیعری شاعیرانی کلاسیکیش هەبوون لە گۆڤارەکە سەبارەت بە بەهار و نەورۆز. باران دەباری و خێرایی با هەر لە زیادبووندابوو، کەشێکی پێشبینی نەکرابوو. دوای ئەوەی دیارییەکانمان بە دایکم دا، گوتی: گۆڤارەکە و چاویلکەکەم بۆ بهێنن بابەتێکی تیابوو بە ناوی: **(٢١ی ئازار، ڕۆژی جیهانی دایک)** دەمەوێت بزانم چی تێدایە.

دایکم دەستی بە خوێندنەوە کرد، منیش بەرانبەری دانیشت بووم سەیری تیڤیم دەکرد بەم بەیانییە. هیچ شتێکی نوێی لێ نەبوو تیڤیەکە، بۆیە کوژاندمەوە و لەگەڵ براکەم دەستم بە گفتوگۆکردن کرد سەبارەت بە خوێندن. پاش نزیکەی نیو کاتژمێر

بینیم چاوەکانی دایکم خەریکە فرمێسکیان لێ دێتە خوارەوە. گوتم: دایکە بۆچی دەگری؟

گوتی: ئەم نووسراوە گریاندمی، ئەوەی ڕۆژی جیهانی دایک. کچم، ئێمەی دایک بە سەرکەوتنی دایکانی تر دڵخۆش دەبین، ئەم فرمێسکانەش هی دڵخۆشین. کوڕێک ئاوا بەم هەموو جوانیە دایکی بنووسێتەوە جێگەی دڵخۆشییە بۆ ئێمەی دایکان.

وەڵامی دایکمم نەدایەوە، نا لەبەر ئەوەی نەمویستبێت وەڵامی بدەمەوە بەڵکو وەڵامێکم پێ نەبوو بۆ قسەکانی. دایکم خوێنەر بوو، زۆرجار ئەو کتێبانەی باوکم دەیهێنایەوە سەیری دەکردن ئەگەر بە دڵی بووان خوێنەریان دەبوو، بەنێو وشەکاندا قووڵ دەبۆوە. منیش بڕیارمدا شەو خوێنەری ئەو نووسینە ببم، بە تەنها لە ژوورەکەی خۆم. هەرچۆنێک بێت بە کارکردن و سەیرکردنی تیڤی بوو بە شەو، گۆڤارەکەم برد و چوومە ژوورەکەی خۆم. دەستم بە خوێندنەوەی کرد:

## ٢١ـــی ئازار، ڕۆژی جیهانی دایک

**ببوورن، دەزانم نووسراوەکە درێژە، وەلێ کە بابەتەکە "دایکە" گومانم نییە: خوێنەری دەبن.**

له کەرکووک قوتابخانەی خوێندنی کوردی هەیە، وەلێ زۆرێک لە خێزانەکان منداڵەکانیان دەنێرنە خوێندنی عەرەبی. چونکی هەم فێری زمانەکە دەبن، هەم لە خوێندنی عەرەبی دەرفەتی باشتر هەیە و دەتوانن نمرەی زیاتر بهێنن، نازانیم بۆ؟ مەگەر کورد چییە و عەرەب چییە؟ دەکرێ ئەمەش سیاسییەکان وەڵامێکیان لەلابێت بۆی!

منیش نێردرام بۆ خوێندنی عەرەبی، زوو فێری نووسین و قسەکردن و تێگەیشتنی زمانی عەرەبی بووم. وەلێ زمانی کوردی تا پۆلی (١٠)م تەواوکرد نەمدەتوانی پێی بنووسم، نووسین هەر عەرەبی بوو، چونکی هەر لە منداڵییەوە فێری کوردی نەکرابووین. ئێستاش زۆرجار هەندێک دەستەواژە دێنە هزرم بۆ نووسین، وەلێ ناتوانم شێوەیەکیان بۆ دروست بکەم و بییاننووسم، بە زمانی دایک!

لە پۆلی (٨) بووم، دوو مانگێک مابوو ساڵی خوێندن تەواوبێت. یەکەم ڕۆژی هەفتەبوو بەڕێوەبەری قوتابخانە هەموو قوتابییانی لە گۆڕەپانی قوتابخانە کۆکردەوە، گوتی: ڕۆڵەکانم سوپاس بۆ خودای گەورە کە ژیانی پێداین خەریکە ئەمساڵیش دەگەین بە کۆتایی. هیوادارم هەموو دەربچن بە نمرەی باش و هەمیشە لە سەرکەوتن دابن. کوڕ و کچەکانم، دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم: لەم ڕۆژانەدا کێبڕکێیەک دەکرێت لەنێوان (٤٠) قوتابخانەی سنووری شارەکەماندا، کە ئێوەی قوتابی تێیدا بەشداری دەکەن. کێبڕکێیەکە بریتییە لە: نووسینێک لەسەر دایک جا شیعر، چیرۆک یا هەر شتێک بێت، وە نووسراوەکان لەلایەن دەستەیەک نووسەرەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت و باشترینەکان دیاری دەکرێن. هیوادارم بەشداربن، دڵنیابن گەر هەر کەسێک لە

قوتابخانەکەمان یەکەم بێت، لەلایەن قوتابخانەوە خەڵاتی تایبەت دەکرێت جگە لەمەش لەلایەن هەموو مامۆستاکانەوە نمرەی پێ دەدرێت، چونکی ئەمە سەربەرزی دەبێت بۆ قوتابخانەکەمان. تاوەکو ڕۆژی چوارشەممە دەتوانن ناوی خۆتان تۆمار بکەن ئەوانەی دەیانەوێت بەشداربن، ئەو کات ناوەکان دەنێردرێت و ماوەی (١٠) ڕۆژ کاتتان هەیە بۆ پێشکەش کردنی نووسینەکانتان. بەهیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک.

چ شتێک لەوە پیرۆزترە دەرفەتێکت بۆ هەڵکەوێت بۆ ئەوەی پیرۆزییەکانی دایک بنووسیتەوە! وەلێ دەترسام هزر و خامەکەم شەرمەزارم بکەن بەرانبەر ئەم مرۆڤە مەزنە. هەرچۆنێک بێت بڕیارمدا خۆم ناونووس بکەم. قوتابخانەکەمان نزیکەی هەزار قوتابی لێ بوو، زۆرینەی عەرەب بوو و بەشێکی کەمیش کورد، لەم ژمارەیەدا تەنها (٥٠) قوتابی خۆی ناونووس کرد. بیرم دەکردەوە چی بنووسم، (٥) ڕۆژ ڕۆیشت هێشتا هیچم نەنووسیبوو، بەڕێوەبەریش زوو زوو ئاگاداری دەکردینەوە کەوا نووسینەکانمان پێشکەش بکەین چونکی کات زۆر نەماوە. شەوی (٨ لەسەر ٩) بوو، تەنها دوو ڕۆژ مابوو، شتێک هاتە هزرم: مامۆستای مامۆستاکان. تا بەرەبەیان خەریکی نووسین بووم، نووسینەکەم بە گریانەوە نووسی.... کاغەزەکەم هەندێک پیس کردبوو، چونکە چەند جارێک شتم دەسڕییەوە، بۆیە دووبارە نووسیمەوە، ئەوەی دووەمم لەنێو کتێبەکانم هەڵگرت بۆ ئەوەی بەیانی بیبەم بۆ قوتابخانە، نوسخەکەی تریشم لەنێو کەلوپەلەکانم دانا.

خودا گیانم، چ ئازارێکە نووسینەوەی دایک، بەڵام بە زمانی دایک نا. ئاخر ئێمە لێرە هەر لەوەتەی فێری نووسین و خوێندن

بووین، بە زمانی تر نووسیمان، گوتیان: واز لە زمانی دایک بهێنن ئاوا بۆ داهاتووتان باشترە، بۆ داهاتوویێک کە پەیوەندی بە بە پارە و خواردنی خۆشەوە هەیە؟ گوو دەکەم بەم داهاتووەدا، خودا گیانم بمبوورە بە ڕەحم و میهری بێ سنوورت بمبوورە، زۆر تورەم، ئاخر ئەو دایکەی گوایە بەهەشتت لە ژێر قاچەکانی داناوە، بە زمانی خۆی نەینووسمەوە؟ ئەو ئازارە سەری من دەخوات. من نازانم کەی، بەڵام دەزانم خاکی دایک و زمانی دایک کۆتایی بەمن دەهێنن.

ڕۆژی دواتر نووسینەکەم برد بۆ قوتابخانە و بە بەڕێوەبەرمدا. بەڕێوەبەر گوتی: لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتەدا ئەنجامی کۆتایی ڕادەگەیەندرێت. خەریکی خوێندن بووین و ئەوانەی بەشداریمان کردبوو لە نووسینەکە ڕۆژ و شەومان دەژمارد بۆ ئەوەی بەڕێوەبەر بڵێت ئەنجامەکان بە دیاریکراوی کەی دێتەوە. دوای (١٠) ڕۆژ لە پێشکەش کردنی نووسینەکە، بەڕێوەبەر ئەو (٥٠) قوتابییەی کۆکردەوە کەوا نووسینمان پێشکەش کردبوو، گوتی: ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو خۆتان ئامادە بکەن، بۆنەیەک ڕێکخراوە دەچین بۆ ئەوێ و ئەنجامەکان ڕادەگەیندرێت، بەڵام لای ماڵەوەتان باسی نەکەن دەچن بۆ کوێ.

پێشتر هیچ شتێکی وام نەنووسی بوو، جگە لەم دارشتنانەی مامۆستا داوای لێ دەکردین کە دەبووایە بە ناچاری بینووسین، هەچەندە حەزم بە نووسینی نەدەکرد بەڵام سوپاس بۆ خودا هەموو جارێک نمرەی باشم دەهێنا. نووسینەوەی دایک شتێکی ئاسان نییە، وێناکردنی دایک، کردنی دایک بە وشە ستێکە ئەگەری مەحاڵ نییە، چونکی گوتراوە: تەنها مەحاڵ مەحاڵە. وەلێ شتێکی هێندە ئاسانیش نییە نووسینی دایک. ناتوانم بڕیاربدەم بڵێم

نووسینەکەم چۆنە، وە نامەوێتیش بڕیاربدەم، چونکی ئەوەی خوێنەری دەبێت بۆی هەیە بڕیار بدات و ئاستی نووسینەکە دیاربکات، نەک من. وەلێ بیریشم لەوە دەکردەوە: خوداگیانم، تۆ بڵێیت من یەکەم لەنێو ئەم هەموو قوتابی و ئەم هەموو خامەیە! هەر خۆم وەڵامی خۆمم دەدایەوە و دەمگوت: بۆ نا، تەنها مەحاڵ مەحاڵە.

ڕۆژی دووشممە، لە ماڵەوە خۆم گۆڕی و ڕۆیشتم بۆ قوتابخانە، زیاتر لە کاتژمێرێک لە قوتابخانە بووین بەڵام ئەو قوتابییانەی دەڕۆیشتین بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بەڕێوەبەر گوتی: مەڕۆن بۆ وانەکان. نزیک کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ دوو بە دوو پاس لەگەڵ بەڕێوەبەر چەند مامۆستایەک ڕۆیشتین. لە شوێنێک وەستاین و دابەزین، هۆڵێکی گەورەی لێ بوو، بەر دەرگا پڕبوو لە پاس، چووینە ژوورەوە، چیم بینی! شوێنی هەموو قوتابخانەکان بەجیا دانرابوو، سەدان قوتابی و مامۆستای قوتابخانەکانی تر. دایکی هەموو قوتابییەکانیش لەوێ بوون! دواتر زانیم، بەبێ ئاگاداری ئێمە کاتێکی بانگهێشتکردن بۆ دایکی هەموو قوتابییانی بەشداربوو نێردرابوو، لەسەری نووسرابوو:

سڵاو خاتوون

ئێوە بانگهێشتکراون بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامی کێبڕکێیەکی نووسین، کەوا لەبارەی دایکەوەیە، کوڕەکەی ئێوەش یەکێکە لە بەشداربووان، هاتنتان مایەیی ڕێزگرتنە لە هەوڵی ڕۆڵەکانتن.

ڕێز و خۆشەویستیمان بۆتان.

دەستەی بەڕێوەبەراتی قوتابخانە.

دوای ئەوە کەسێک چووە سەر سەکۆیەک، دەستی بە قسەکردن کرد. باسی لە هۆکارەکان و ئامانجەکان و خەڵاتەکانی ئەم کێبڕکێیە دەکرد. دواتر گوتی: داوا لە جەنابی وەزیری پەروەردە دەکەین بێتە ئێرە بۆ پێشکەشکردنی خەڵاتەکان. دەستی کرد بە خوێندنەوەی ناوەکان، (١٥) نووسین وە باشترینەکان هەڵبژێردرابوون، هەمووان خەڵات دەکران بەگوێرەی ڕیزبەندییەکەیان. لە کۆتا ناوەوە دەستی بە خوێندنەوە کرد، دایکەکان و ڕۆڵەکانیان دوعایان دەکرد بۆ ئەوەی ناویان بخوێندرێتەوە، دایکێک کە دەیبینی ناوی ڕۆڵەکەی خوێندرایەوە ڕوباری ئەشک لە چاوانیدا بەسەر گۆناکانیدا دەهاتە خوارەوە، بەڕێوەبەر و مامۆستاکان هەموو گیانیان کردبوو بە گوێ بۆ ئەوەی ناوی قوتابییەکانی خۆیان ببیستن. منیش چاوەکانم داخست بوو و داوام لە خودا دەکرد ئەوەی چاکە پێمان بدات، گوێم لە دایکیشم بوو کەوا لە تەنیشتم دانیشتبوو، لە ژێر لێوەوە دەیگوت: خودای من، دایکێکم دەمەوێت لێرە ناوی کوڕەکەم ببیستم، خۆ دڵم ناشکێنیت؟ تەزبێحەکەشی لەنێو دەستیدابوو، دەنک دەنک ئاودیوی دەکرد و دوعای دەکرد. ناوی (١٢) قوتابی خوێندرابۆوە، هیچ کەسێکی قوتابخانەکەی ئێمەی تێدانەبوو، سەیری بەڕێوەبەرم دەکرد: بێتاقەتی و خەمێکی قوڵ و بێ هیوایی لە ڕووخساری دەخوێندرایەوە، چەند مەترێک لە دووری من دانیشت بوو، دەمەویست بچمە بۆ لای و پێی بڵێم: جەنابی بەڕێوەبەر، (خودا هەیە، خەم نییە.) خودا هەیە، هیوا هەیە، هیواش ماوە، دەنگێک لە ناخمدا دەیگوت: خودا وەڵامی نزاکانی دایکت دەداتەوە. دوو ناوی تریش خوێندرایەوە، هەندێک کە چیتر چاوەڕوان نەبوون خەندەکانی سەر ڕووخساریان جوانی بە مرۆڤ دەدا، ئەوانەی ناویان خوێندرایەوە چیتر کاری چرکەژمێریان نەدەکرد. تەنها یەک ناو مابوو، یەک ناو کە هیوا بوو بۆ سەدان دایک و منداڵی کوڕ و

کچ. وەزیری پەروەردە خۆی مایکەکەی وەرگرت، گوتی: براوەی یەکەم لەم کێبرکێیە خاوەنی نووسینی: (مامۆستایی مامۆستاکان)ـە، خاتوو شیرین و هیوای کوڕی با بفەرموون بۆ وەرگرتنی ڕێزلێنان و خەڵاتی یەکەم بوون!

دایکم فێری کردووم هەر کاتێک خودا شتێکم پێ دەدات، هەر کاتێک لە کارێک شتێک سەرکەوتوو دەبم، هەر کاتێک خودا لە خراپەیەک دەمپارێزێت، هەر ڕۆژێکی نوێ کە خەبەرم دەبێتەوە و دەست بە ژیان دەکەم، بەر لە هەر شتێک: گرنگ نییە لە چ شوێنێکم و کێی لێیە، پێویستە هەر ئەو کاتی سوجدەیەک بۆ خودا ببەم و سوپاسگوزاربم بەرانبەر بە میهر و چاکەی پەروەرێن بەرانبەرم. کە ناوم خوێندرایەوە، بەر لە هەر شتێک لەسەر ئەو کورسییەی دانیشتبووم هەستام و بە ڕووی قیبلەدا کەوتمە سەر ئەژنۆ و بە گریانەوە سوپاسی خودام دەکرد، کە هەستامەوە دایکم چاوەکانی سڕیم، چاوەکانی ماچ کردم و گوتی: شانازیت پێوەدەکەم هیواکەم، هیوام پێت هەیە. منیش دەستەکانیم ماچ کرد و بەیەکەوە چووین بۆ سەر سەکۆکە.

هەندێک هەست هەن لەوانەیە باشترین نووسەرانی جیهان نەتوانن بیانکەن بە وشە، هەموو بنووسێک کاتێک چۆک دادەدات بەرانبەر بە وشەکان و ناتوانێت بەم شێوەیەی خۆی دەیەوێت یارییان پێ بکات، ناچارە خامەکەی دابنێت یان بابەتەکەی بپەڕێنێت. منیش ئاوا دەکەم. ناکرێت، ناتوانم ئەو ساتە بکەم بە وشە کە ناومان خوێندرایەوە.

وەک یەکەمی کێبڕکێکە خەڵاتکرام، بەڕێوەبەری قوتابخانە هێندە دڵخۆش بوو باوەڕی نەدەکرد، خەڵاتێکی تایبەتی کردم و بڕیاریدا لە هەر وانەیەک (٢٥) نمرەم بۆ زیاد بکرێت، لەلایەن چەند

**مامۆستایەک و کەسانی تریش خەڵات کرام، سوپاس بۆ تۆ خودایە گیان، هەمووی چاکە و میهری تۆ بوو.**

**ئەمەش ئەو نووسینەبوو کە بووە خاوەنی خەڵاتی یەکەم لە کێبڕکێکە، ئەو کات بە زمانی عەرەبی نووسیبووم. ساڵی ڕابردوو وەرمگێڕا بۆ زمانی دایکم. یەکێ لەم هاوڕێیانەی لە زانکۆ لێرە لە هەولێر ناسیم لە گۆڤارێک کاردەکات، داوای لێ کردم نووسینەکەی پێ بدەم بۆ ئەوەی لە ژمارەی مانگی ئازاردا بڵاوی بکەنەوە. منیش پێمدا و ئەم زانیارییانەشم لەگەڵی زیادکرد کە چۆن نووسراوە و هۆکاری نووسینی ئەم نووسراوە چی بووە. هیوادارم شایەنی خوێندنەوە بێت و کاتی ئێوە لە خۆڕا نەبات. نووسراوەکەش لەسەر زمانی دایکم نووسراوە، نەوەک من. فەرموون خوێنەری بن:**

باوکم پیاوێکی نەخۆش بوو، چەند نەخۆشییێکی بۆماوەیی هەبوو، وەلێ هەر چۆنێک بوو دایکم لێی مارەکرا و گواستیانەوە. خێزانێکی سادە و بچووک و جوانی دوو کەسی پێکهێنرا.

دوای ساڵێک منداڵی یەکەمی ئەم خێزانە لەدایک بوو، من بووم. نۆبەرەی خێزانەکەمان من بووم، ناونرام "شیرین". ئەم ناوەیە لەلایەن باپیرەمەوە بۆم دیاریکرا.

ماڵی باپیرەم چەندین ساڵ بوو منداڵی بچووکیان نەبوو، کە من هاتم زیاتر لەخۆیان خۆشیان ویستم و گرنگیان پێم دەدا. بووبووم بە جوانترین شتی ژیانی خێزانە گەورەکەم.

دوو ساڵ دوای من  برایەکم لە دایک بوو، بووم بە خوشکی گەورە و خاوەنی برایەک. بەڵام هیچم نەدەزانی لەبارەی خوشک و برایەتی و خێزان.

من و برایەکەم گەورەدەبووین، هێشتا نەبووبووم بە چوار ساڵ نەخۆشی باوکم زۆر گەشەی کرد، زۆر.... پاش ماوەیەکی کەم باوکم مرد! بەڵێ بەم تەمەنەوە بێ باوک ماینەوە. هەر شتێ کە هەمانە هی خودایە، هەر خۆشی ڕۆژێک لێمانی وەردەگرێتەوە، تا ڕۆژێک دەبینین هیچمان نەماوە و خۆشمان دەباتەوە لای خۆی.

کوردە ئیتر، دایکم گەنجە و جوانە، دوو منداڵی هەیە، ناکرێ ئاوا بێوەژن بمێنێتەوە یان بەیانی مێرد بە کەسێکی نەناسراو بکات. بۆیە بە هەرجۆرێک بوو دایکم لە مامم مارەکرایەوە، ماوەیەک دوای کۆچی باوکم. ئاخۆ دایکم لەم کاتە گەر قسەیەکی کردبێت گوێی لێ گیراوە؟ ئاخۆ مامەم خۆی ڕازی بووە براژنی خۆی بهێنێتەوە یان گەورەکان قسەیان کردووە و کەس بۆی نەبووە بڵێت ڕازی نیم؟ ئەرێ ئەوانەی بوون بەبێوەژن چ مۆرێک لە نێوچاوانیان وەیە؟ خودا ژیان چ ترِوهاتێک و شێتخانەیەکە لێرە.

هەموو شتەکان لە کات و ساتی خۆی نازانم، بەڵام دایکم لە مامەوە ٤ کچ و ٦ کوڕی بوو، بووین بە ٥ کچ و ٧ برا. لە چەند کاتێکی جیاجیاشدا دوو برا و خوشکێکم مردن. مامم هیچ کات بە چاوێکی جیا لە منداڵەکانی سەیری من و براکەمی نەکرد، لە هەمان خوێن و لە هەمان گیان بووین. تا هەبوو و لە ژیان مابوو گەورەترین پشت بوو بۆمان.

هێدی هێدی تەمەنم زیادی دەکرد و هەستم بە بوونی ژیان دەکرد، وەلێ هەر ئەو کاتی ژیان هەبوو، تا ئەو کاتەی تەمەنمان بە

پەنجەکانی دەستمان دەژمارد، دوای ئەوە ئیتر ژیان نەما. گەورەبووم، کاتی چوونە قوتابخانەم هات، ئای خودا بەر لەوەی بچم چەن تامەزرۆیی خوێندن بووم، چەند حەزم دەکرد بچم لەسەر ئەو کورسیە سارد و بێ گیانانە دابنیشم. نازانم چ چێژێک لەوەدابوو، بەبێ ئەوەی بچم، بەڵام دواتر کە چووم هەستم کرد بەم چێژە ئەفسوناوییە.

مامم هەموو پێداویستییێکی بۆم کڕی و چووم بۆ پۆلی یەک. قوتابییێکی ڕێک و پۆشتە و گوێڕایەڵ بووم. مامۆستاکان هەر زوو خۆشیان ویستم و منیش لە پاداشتی چاکەی ئەوان خۆم ماندوودەکرد و زیرەک بووم.

مامم چەند هاوڕێیەکی هەبوو مامۆستابوون، زوو زوو دەهاتن بۆماڵمان، منیان زۆر خۆش دەویست، کە دەیانزانی زیرەکم دەیانگوت دەبێت بە مامۆستا وەک ئێمە. بوون بە مامۆستا؟ بۆ منداڵێکی حەوت هەشت ساڵان چ خەونێکە؟ ڕواندنی ئەم خەونە لە هزری منداڵێکدا باشە یان خراپ؟ نازانم چۆن بەڵام ئەم خەونە لە هزری مندا ڕوا و دەمگوت دەبم بە مامۆستا لە داهاتوودا وەک مامۆستاکانی خۆم و قوتابیم دەبێت.

بەردەوام بووم لە خوێندن، تا پۆلی چوار. خوێندنی خۆمم دەکرد وە لە ماڵەوەش کارم دەکرد لەگەڵ دایکم، منداڵەکانم لەگەڵی بەخێودەکرد، کاری ماڵ و بازاڕم دەکرد، کچێکی پێگەیشتووبووم. ئەو سێ پۆلەی بڕیبووم هەرسێکی بە نمرەی زۆر باش بوو، زیرەک بووم، مامۆستاکانم پێیان دەگوتم کچە ناوازەکەی ئێمە. ستایشی مامۆستاکان بەشێوەیەک دڵ خۆشی دەکردم وام هەست دەکرد دوو باڵم هەیە و لە ئاسمان دەفڕم..

وەرزێکی قوتابخانە ڕۆیشت بوو، ڕۆژێک لە قوتابخانە دەگەڕامەوە ماڵەوە. هەرچەندە تەمەنم کەم بوو بەڵام لە کچێکی پێگەیشتوو دەچووم. لەڕێگای قوتابخانە تا گەیشتمەوە ماڵەوە پیاوێکی لەدوامەوە بوو و چاودێری دەکردم. شتی وام بیستبوو کە پیاوان کچان دەڕفێنن و چیان لێ دەکەن! بۆیە تا گەیشتمەوە ماڵەوە زۆر دەترسام و ڕەنگم تێکچووبوو.

هێندە ترساو و پەشۆکاوبووبووم خۆشم نەمدەزانی چی دەکەم. چووم خەوتم. بەبێ ئەوەی بیربکەمەوە بڕیارمدا چیتر نەچم بۆ قوتابخانە! واز لە هەموو شت بهێنم لەبەر ترسێک. وەلێ ناحەقیش نیم، ئەگەر ترسێکی ئاوا لێرە ببێتە ڕاستی خوێن دەڕژێ، شەڕەف نامێنێ، کەسێک دەکوژرێ. بۆیە بەر لەهەر شتێک وازم لە قوتابخانە هێنا.

دایکم و مامم، کەسانی تر زۆر هەوڵیاندا بەردەوام بم و لە هۆکارەکەیان پرسی بەڵام نە شتێکم باس کرد نە چوومەوە بۆ قوتابخانەش، ئیتر هەموو شتێک کۆتایی هات، خەونی بوون بە مامۆستاش کۆتایی هات. بووم بە کچی ماڵەوە و هەموو کارێکم لەگەڵ دایکم دەکرد. مامۆستاکانیش قسەیان لەگەڵ مامم کردبوو بۆ ئەوەی ڕازیم بکات بچمەوە بۆ قوتابخانە، بەڵام پێی گوتبوون: من زۆری لێ ناکەم، هەرچی ویستی بیکات دەیکات بەدڵی خۆیەتی.

ژیان ئاوایە، کەم جار دەبینە خاوەنی ئەو شتەی دڵمان دەیەوێت، وەلێ گرنگ ئەوەیە باوەڕمان هەبێت و بڵێین دیارە ئەم شتە بۆ ئێمە گونجاو نییە و خێری تێدایە.

ئیتر دوای ئەوەی هەموو بوونی خۆم تەرخان کرد بۆ خزمەتکردنی دایکم و مامم و خوشک و براکانم، هەموو کارێکم دەکرد، زیاتریش لەوەی بۆ توانای من دەگونجا.

تەمەنم زیادی دەکرد و منیش هەر لە ماڵەوە بووم.

گەورەبووم، هەستم پێ دەکرد جار جارە خوازبێنیم دەهات. دایکم دەیویست بەشووم بدات، بەڵام مامم قبوڵی نەدەکرد. لەبەر ئەوەی مامم بەویستی خۆی دایکمی نەهێنابوو، بۆیە دایکم دەترسا لەوەی مامم من بدات بەشوو بە کەسێک بۆ ئەوەی ژنێکی تر بۆ خۆی بهێنێت. بەڵام ئەوە تەنها ترسێک بوو چونکە هیچ کات مامم بیری لەوە نەکردبۆوە. کەچی دایکم وازی نەهێنا تاوەکو بەشوویدام لە کۆتاییدا. خودا بەرژەوەندی چی لە مرۆڤەکان دەکات؟ مرۆڤەکان بۆچی لەپێناو خۆیان ئەوانەی تر دەسووتێنن؟....

ئامۆزای باوکم داوای کردبووم، ئەمجارە مامم نەیتوانی ڕازی نەبێت. ئیتر لەیەکتر مارەبڕاین و بووم بە ئافرەتی ماڵەوە. دایکم هەموو شتێکی فێرکردبووم بۆ بەڕێوەبردنی خێزان، خوشک و براکانم خۆم گەورەم کردبوون شارەزابووم لە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ، هەموو کارێک و چێشتم دەکرد. بۆ ئەوەی هیچ گلەیی و ناڕازی بوونم لەسەر نەبێت. گۆڕێکم هەڵکەند و بەیەکجاری خەونی بوون بە مامۆستا و هەبوونی قوتابیم لەناویدا نێژت. وەلێ بڕیارێکم دا، بەڵێنم بەخۆمدا کە نەبووم بە مامۆستای کۆمەڵگا، دەبێت لەناو خێزانەکەم و بۆ منداڵەکانم ببم بە مامۆستا.

ژیان بەم جۆرە نەبوو کە من دەمەویست، نە ئەوکاتەی کچ بووم نە ئەوکاتەش کە شووم کرد. دونیا زۆر سەیر و بە ویستی خۆی دەگەڕا بەبێ ئەوەی مرۆڤەکان ویستی ژیان کردنیان هەبێت.

هەشت کوڕ و کچم لەدوای یەک بوو. هەشت منداڵ! پیاوەکان ئارەزوویێک دەشکێنن، ماندووبوون و ئازار هەمووی ئافرەتەکان دەیچێژن، دواتریش پیاوەکان شانازی پێوە دەکەن. ئەرێ پیاوەکان شانازی بەو منداڵانەوە دەکەن کە خۆیان نۆ مانگ هەڵیاندەگرن! دوو بۆ سێ ساڵ شیریان پێ دەدەن، دونیایەک ئازار دەچێژن بە گەورەکردنیان. خودایە من ناڕازی نیم لەکاری تۆ، وەلێ من دڵنیام تۆ نەتویستووە پیاوەکان وابن.

مردن، نەخۆشی، ئازار، نەبوونی، هەژاری، تەنهایی، دابڕان، سەرما، گەرما، بێ کەسی هەموو ئەو هەستانەم چەشت لەگەڵ منداڵەکان و لەکاتی پەروەردەکردنیان، ئەوەی هیچ کات جێینەهێشتین تەنها خودا بوو. مرۆڤەکان هەموویان پشتیان لە ئێمەکرد.

ئەو بەرهەمەی من ڕواندم  لە ناخی منداڵەکانم، بە ساڵێک و دوان بەرەکەی وەرناگرین، لەوانەیە بیست ساڵ زیاتریشی بوێت، وەلێ هەرچەندە سەختە چاوەڕوانی، بەڵام چاوەڕوانی بەری بەرهەمەکەم دەبم. ئەو بەرهەمەی لەجیاتی خەونی منداڵیم ڕواندم.

مرۆڤ بۆ ئەوەی جیهان بگۆڕێت، پێویستە سەرەتا خۆی و دەوروبەری بگۆڕێت. وە ئەگەر ویستی ببێت بە مامۆستای کۆمەڵگا، پێویستە سەرەتا مامۆستای ناخی خۆی وماڵی خۆی بێت دواتر هەوڵ بدات بۆ بوون بە مامۆستای کۆمەڵگا.

ئەوکاتەی وازم لە خەونی بوون بە مامۆستای کۆمەڵگا هێنا دایکم دەیگوت: دڵنیابە خێری تێدایە. ئێستا دەزانم چ خێرێکی تێدابوو، سەرەتا دەبووایە مامۆستای منداڵەکانی خۆم بم دواتر هی خەڵک و کۆمەڵگا.

منداڵەکانم گەورەکرد. لەگەڵیان چووم بۆ قوتابخانە، فێری نووسین و خوێندنەوەم کردن. فێرم نەکردن قسەبکەن بەڵکو فێرم کردن چۆن قسەبکەن، فێری گوێگرتن و بێدەنگیم کردن، فێری ڕێزگرتنم کردن. فێری ئیمانم کرد و خودام پێیان ناساند. فێری هەر شتێکم کردن کە پێویستە مامۆستاییێکی ڕاستەقینە قوتابییەکانی فێربکات و ئاوا پەروەردەیان بکات.

ڕۆژێک کوڕە گەورەکەم لە قوتابخانە هاتەوە، گوتی: دایکە ئەمڕۆ لە قوتابخانە هاوڕێکانم باسی ئەوەیان دەکرد کێ لە هەموو بەهێزترە، هەرچەندە من بەژدارنەبووم لەگەڵیان بەڵام هەست دەکەم ماسولکەکەی دەستم وەک ئەوان بەهێزنییە.

گوتم: کوڕم بزانە عەقڵ و ماسولکەکان دوو وزەن لە مرۆڤدا. مرۆڤ ئەگەر عەقلی هەبێت بەڵام هێزی نەبێت دەتوانێت بە عەقڵی کەسانێک بەڕێوەببات و ببێت بە سەرکردە، بەڵام ئەوەی هێزی هەیە و عەقڵی بەکارناهێنێت ئەمە دەدۆڕێت و دەکەوێتە ژێرەوە زۆربەی کات. عەقڵ لە دایک و باوک باشترە بۆ مرۆڤ، چونکە هەموو کات لەگەڵتە، هیچ کات پشتت تێ ناکات ئەگەر خۆت نەتەوێت، تەنها لەوانەیە لەم ساتەدا لەگەڵت نەبێت ئەگەر بەهۆکارێک لەدەستی بدەی. ئەوەی هێز بەکاردەهێنێت لەوانەیە جارێک براوەبێت، بەڵام ئەوەی کار بە عەقڵی بکات زۆربەی کات براوە دەبێت. لەوانەیە تۆ هێزی دەستەکانت لە کەسانێک کەمتربێت بەڵام عەقڵت بەکاربهێنە براوە دەبیت و هەمیشە پێشەنگ دەبیت.

هەموو کاتێک و بۆ هەموو کارێک عەقڵ لە سەرەتا دابنێ ئەوکات ئەنجانەکەت بەراورد بەم کەسانە بکە کەوا هەموو شتێک بە هێز دەکەن. خۆت جیاوازییەکە دەبینیت!

ئەو کاتەی وەڵامی کوڕەکەمم داوە منداڵەکانی تریش لەوێ بوون، هەموویان قسەکانی منیان بیست بەڵام وەک ئەو لەمن نەگەیشتن.

یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانی قوتابخانەم ماڵەکەی لەتەنیشت منەوەیە. منداڵەکانی لەگەڵ منداڵەکانم دەخوێنن. خۆشی بۆتە مامۆستا لە قوتابخانەیەکی تر. ڕۆژێک هاتە ماڵەوە بۆلام، ماوەیەکی باش بەیەکەوە دانیشتین و گفتووگۆمان لەسەر زۆر شت کرد. وەختێک گوتی: سەیری ژیان بکە هاوڕێ، خەونی بوون بە مامۆستایەتیت هەبوو بەڵام وازت لە خوێندن هێنا نەبوویت بە مامۆستا وەک ئێمە لە قوتابخانە، ئێمە هیچ کات بیرمان لە مامۆستایەتی نەکردبۆوە، بەڵام تووشی هاتین، ئێستا ئێمە بووین بە مامۆستای قوتابخانە تۆش بوویت بە مامۆستای خێزانەکەت. وەک ئەمڕۆ لەبیرمە ئەو کاتەی وازت لە قوتابخانە هێنا هەموومان پێکەنینمان پێتدەهات، وەلێ ئەمڕۆ وا دەبینین ئەوەی بوو بە مامۆستایەکی ڕاستەقینە تۆ بوویت نەک ئێمە، تۆ خەونێکت هەبوو و پێیگەیشتی وەلێ ئێمە خەونێکیشمان نەبوو، ژیان لای ئێمە ئامانجێک نەبوو، بەڵکو ڕۆژ بەڕێکردن بوو بەتەنها. هەفتەی پێشوو لە قوتابخانە بانگ کرام، کوڕە گەورەکەم کێشەی دروست کردبوو، مامۆستاکان زۆر قسەیان کرد، باسی منداڵەکانی قوتابخانەکەی خۆیان دەکرد، بۆ هەموو باشییێک نموونەیان بە منداڵەکانی تۆ دەهێنایەوە، منداڵەکانی منیش لە ڕیزی دواوەبوون بۆ خوێندن و هەموو شتێک. منداڵەکان هەموو کات بە هێز شەڕ دەکەن، بەڵام

ئەوانەی تۆ بە عەقڵ بەرگری دەکەن و خۆیان بەدووردەگرن و شەڕەکان دەوەستێنن. من ئیرەیی بەتۆ دەبەم هاوڕێ. تۆ براوەبوویت لەژیان. ئێستا تۆ نموونەی مامۆستای مەزنیت بۆ خێزان و کۆمەڵگا.

گوتم: ئەوە هەموو فەزڵ و گەورەیی خودایە کە منداڵەکان ئاوان، وە پێویستە هەمووان ئاوابن، ئەوانەی من جیاوازنین، لەسەر ڕێگاڕاستەکەن، ئەوانەی تر هەڵە دەڕۆن پێویستە ڕێگەیان ڕاست بکرێتەوە.

دایک بەرپرسی یەکەمە لە پەروەردەی دروستی منداڵەکەی، چونکە منداڵ زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ دایکە بەسەر دەبات، جا هەر ڕەفتار و قسەیەکی ئەم دایکە دەبێتە پەروەردەیەک بۆ ئەم منداڵە. باوکەکان لە پەروەدەدا ناڵێم هەموویان بەڵام زۆرینەیان کەمتریان ئەرکیان دەکەوێتە سەر، جا بە هۆکاری کارکردن بێت کەوا لە ماڵەوە دوور دەکەونەوە یاخود باوکانێک هەن کە لە ماڵەوەن وەلێ بوون و نەبوونیان یەک شتە، سوپاس بۆ خودا منیش وام کردووە قسەکردن و ڕەفتارەکانم ببن بە پەروەردەیەکی باش بۆ کوڕ و کچەکانم.....

هەمیشە حەزدەکەم دایەکان بە سەرکەوتنەوە ببینم، حەزدەکەم هەمیشە ئافرەتان لە لوتکەبن، ئەوان پیرۆزن، حەزدەکەم هەموو ئافرەتەکانی ئەم مەملەکەتە لەمن باشتربن، خۆم ناوێت سەرکەوتنی دایکانم دەوێت.

وەکوو دایکێک خۆشم دەوێن هەموو ئەوانەی منداڵەکانتن پەروەردە دەکەن، نەوەکوو بەخێویان بکەن.

لێرەوە من خۆتان و فرمێسکە گەرمەکانتان بە خودا دەسپێرم....

**نووسینی: شوکت شێخ بزێنی.**

**#بەشێک لە کتێبێک.**